# مەڕۆ بۆ باکوری عیراق !

ماوەیەک پێش ئێستا ئێرانییەکان هێرشێکی ئەلەکترۆنییان کردە سەر وشەی ( کەنداوی عەرەبی ) لە ماشێنی گەڕانی گوگڵ دا ، ئەویش بە چێکردنی لینکێک بەو ناوەوە کە هەموو وێب و وێبلاگەکانیان دایاننا و ئەوەندە کلیکیان لەسەرکرد کە بە قەولی خۆیان کەنداو بووەوە بە فارسی !! ..

ئێستا کوردیش خەریکی هێرشێکی لەوجۆرەن بۆ سەر وشەی ناقۆڵای ( باکوری عیراق ) ، کە بێگومان مەبەست لێی باشوری کوردستانە و ڕۆژانە لە مێدیای جیهانیدا دوبارە دەبێتەوە .

هێندەی من ئاگادارбم بلاگنووسی کورد بۆمبەکەیان چێکردووە و چاوەڕوانیی ئەوەشیان نییە کەس پاداشتیان بداتەوە ، تەنها شتێک کە دەیانەوێت کلیک کردنێکی سادەوساکارە لەسەر لینکی باکوری عیراق ، هەرچەند زۆرتر کلیک بکەیت چاترە !! ..
....

بلۆگی ( هەرێمی هیچ ) زۆر جوان لینکی داوەتە ئەو بۆمبە ئەلەکترۆنییە ، پێشنیار دەکەم شێوازەکەی ئەو بکرێتە ستاندارد و هەموو وێبلاگ و وێبسایتە کوردییەکان بێ دەستکاری داینێنەوە:

ئەوە ئەڕۆی بۆ باکوری عیرراق؟
نەوەڵا ئەڕۆم بۆ باکوری عیراق
دەوەڵلا وامزانی ئەچی بۆ باکوری عیراق!

http://www.northerniraq.info

کوردی براتان - هێمن عەبدو ڵا

www.hemnabdulla.blogspot.com